لێدیداری باڵێزی ئەمریکا سەماحەتی حەکیم داوا دەکات سەردانەکەی سودانی بە ئەمریکا سەرکەوتوو بکات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی دەوڵەتی نیشتمانی داوای لە هەمووان کرد کە هەوە بدەن سەردانەکەی سودانی بە واشنتۆن لە 14-4-2024 سەر بخەن، سەماحەتی لە دیداری خانم ئالینا رەمانیسکی باڵێزی ئەمریکا لە عێراق بە گرنگی زانی کە لەو سەردانە تەوەرە گرنگەکان لەسەر لایەنی ئابووری و رەشنبیری و فەرکاری و هەردوو دەسەی ئەمنی و سیاسی بێت.

هەروەها باس لە چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قەبەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن کرا کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکات.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم هێز و پارتەکان بە ئەوەی وێنەیەکی ئەرێنی و باش لەسەر دیمەکراتیەتی عێراق پیشان بدەین، ڕوونیشی کردەوە کە سەقامگیری سیاسی لە هەر بەشێکی عێراق کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەموو عێراق دەبێت.
سەبارەت بە دەسەی هەڵبژاردنی سەرکەکی تازە بە ئەنجومەنی نوێنەران، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئەوە یەکلایی بکرێتەوە لە نێوان پێکهاتە سوننە بەڕێزەکاندا، داواشی کرد پێوەری و ڕێگای دیاری کراو بگرنە بەر بە ئەوەی ئاسانکاری بکرێت تا دوای جەژن ڕاستەوخۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت و سەرکەك هەڵبژێرن.

سەبارەت بە پێشهاتەکانی غەزە سەماحەتی گوتی پێویستە فشار بکرێتە سەر قەوارەی ئیسرائیلی بە ئەوەی بەیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش جێب جێ بکات و شەڕ بوەستێنێت و ئەو کەمە کوژیەی بەرامبەر کەرتی غەزەی گەمارەدراو دەیکات ڕایبگرێت و ڕێگا خۆش بکرێت تا هاوکاری مرۆیی بە خێکەکە بگات.
هەروەها داوای لە کەمێگەی نێودەوڵەتی کرد کە بەرپرسیارێتی فشار خستنە سەر ئیسرائیل لە ئەستۆ بگرێت تا بەیاری وەستانی شەڕ جێبەجێبکات.